**بەناوی خودای باخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆک**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٤**

**بە پێ ئەو دەسەلاّتانەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە ،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە** (١٩)لە٢٠١٤/٧/٢٤ بڕیارماندا بەدەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٤**

**یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی ساڵانە بۆ حیزبە سیاسیە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیدا دابین دەکات .**

**ماددەی دووەم :**

**بودجەی تەرخانکراو بۆ حیزبە سیاسیە مۆڵەت پێدراوەکان بریتی دەبێت لە (١%) لە سەدا یەکی بودجەی گشتی هەرێمی کەردستان و ، بەم پێوەرانە دابەش دەکرێت .**

**یەکەم : کورسی پەرلەمان دەکرێتە بنەماو ، بەهای هەر کورسییەک مانگانە (0,000375%)ی بودجەی گشتییە .**

**دووەم : ژمارەی کورسییەکانی دوایین دوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ هەر حیزبێک کۆ دەکرێتەوەو ، هەر حیزبێکی کوردستانی لە یەکەم خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە کورسییەکی بۆ کۆی ژمارەی کورسییەکانی زیاد دەکرێت بە مەرجێک لە هەر خولێکدا ژمارەی کورسییەکانی لە (٤) چوار کورسی کەمتر نەبێ .**

**سێیەم : هەر حیزبێک بەشداری هەڵبژاردنی خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستانی کردبێت و کورسیی بە دەست نە هێنابێ،بەڵام ڕێژەی (٤٠%) لە سەدا چل یان زیاتری دەنگی پێویست بۆ کورسی بە دەست هێنابێ ،بەهای دوو کورسیی بۆ هەژمار دەکرێت .**

**چوارەم : هەر حیزبێک بەشداری خولی بەردەوامی پەرلەمانی کردبێت و کورسیی بە دەست نە هێنابێ، بەڵام ڕێژەی (٢٠%-٣٩%)ی دەنگی پێویست بۆ کورسیی بە دەست هێنابێ ، بەهای یەک کورسیی بۆ هەژمار دەکرێت .**

**پێنجەم** : هەر حزبێکی بەشدار بوو لە خەباتی رزگاری خوازی کوردستان بەهەمان ناو کە خاوەنی یەک کورسیی بێت لە خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستاندا دوای کۆ کردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی لە خولی پێشوو ، بەهای دوو کورسی بۆ هەژمار دەکرێت .

**شەشەم**: هەر حیزبێک پێش راپەڕین بەشداری خەباتی رزگاریخوازی کوردستانی کردبێت و لە خولی بەردەوامی پەرلەماندا کورسی هەبێت، نابێت لە(0,00185%)ی بودجەی گشتی کەمتر وەربگرێت.

**حەوتەم**:هەر حیزبێک یان قەوارەیەکی سیاسی، کە خاوەنی کورسیی کۆتایی خولی بەردەوامی پەرلەمانە، ئەوا بەهای ئەو کورسییەی مانگانە( 0,0005%)ی بوجەی گشتییە بەدەر لە حوکمی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

**ماددەی سێیەم**:

ئەو حیزبانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، بێبەش دەکرێن لە بودجەی ساڵانە، لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی، یان سەرپێچی کردن لە حوکمەکانی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەمووارکرا.

**ماددەی چوارەم**:

بەپێی سیستەمی ژمێریاریی کارپێکراو لە هەرێمدا ووردبینی بودجەی حیزبەکان ئەنجام دەدرێت و، دەکەوێتە ژێرچاودێری دیوانی چاودێری دارایی.

**ماددەی پێنجەم**:

پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنمایی پێویست دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی شەشەم**:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایانە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێبکەن.

**ماددەی حەوتەم**:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان –عێراق**

**هەولێر**

**٢٠١٤/٨/٢٦**

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناوی گەشەکردن و پەرەپێدان بە پرۆسەی سیاسی و فرە حیزبی لە هەرێمداو، چەسپاندنی دیموکراسیەت و بەشداریی چالاک لە ژیانی سیاسیدا، هەروەها ڕێکخستنی بودجەی حزبە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێم بە شێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە لە بودجەی گشتیدا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**تێبینی لە ژمارە (١٧٨)ی وەقائیعی کوردستان لە ٢٠١٤/٩/٤ بڵاوکراوەتەوە**